# داواکارییەکانی ئێستای گەنج و لاو [گەنجلاو]

بەڕێزان: سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، وەزیری وەرزش و لاوان .

دوای سڵاوێکی مرۆڤ دۆستانەی گەنجلاوانە....

ئێمە کۆمەڵە گەنجلاوێکی کوردستانین و خاوەنی خوێندنەوەی بابەتیانەی ئەمرۆی ژیانی گەنجلاوی وولاتەکەمانین...
ئاشکرایە لای هەمووان و نکوڵیشی لێ ناکرێ کە گرنگی دان بە تواناو بەهرەی گەنجلاو گرنگی دانە بەهێزێکی لەبن نەهاتووی هەڵسوڕێنەر و کاریگەری گۆمەڵگا ، ئەمە بەتایبەت لەو وولاتانەدا کە بەرەو پێش چوون و تێکەڵ بە دنیای نوێ لە سەرو هەموو ئامانجەکانیانەوەیە و ، مەبەستیانە هەوڵی ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگا بەرز برخێنن...
دەبنین ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستاندا گەنجلاو بە ژیانێکی ناهەموار و دژواردا تێدەپەرێ و چەندین هۆکار بونەتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم داهێنان و ئەفراندنەکانیاندا .. کە هەمووشیان پەیوەندی تایبەتی بەژیانەوە هەیە و ناکرێ پشت گوێ بخرێن .. بۆیە داواکارین لەماوەی 30 رۆژدا بەدەم خواست و داواکانمانەوە بێن کە سەرجەمیان هەڵقوڵاوی ناو گەنجلاوە و بەشێکی گرنگی خەونەکانیان ، تا پێکەوە بتوانین کاربکەین لە پێناو کۆمەڵگەیەکی تەندروست و شیاودا کە خەونەکان بکەین بەژیان ، چونکە بەبێ هێنانەدی یان ژیان هیچ مانایەک نابەخشێت...

## داواکارییەکانی ئێستای گەنجلاو:-

1 - مووچە یان هاوکاری مانگانە بە بڕی 250 000 دووسەدو پەنجا هەزار دینار تا ئەو کاتەی حکومەت کاریان لۆ پەیدا دەکات .
2 - منحەی هاوسەرگیری بەبڕی 3 000 000 سێ ملیۆن دینار بەشێوەی یەکسان بۆ ئەو دوو گەنجلاوەی خێزان پێک دەهێنن ، وە سلفە نەبێت و لێیان وەر نەگیرێتەوە .
3 - دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون یان شووقە بۆ خێزانی دروست بوو لە دوای 6 شەش مانگ ژیانی هاوسەرگیری یانەوە ، وە بەناوی هەردووکیانەوە بێت.
4 - چاکسازی و شەفافیەت لە دامودەزگا حکومیەکاندا بەگشتی ، بە تایبەتی: پەروەردە ، داد ، بەندیخانەکان .
5 - دەستگیرۆیی ئەو گەنجلاوانەی کە توانای کاری داهێنانیان هەیە لە بوارە جیاوازەکاندا .
6 - چەسپاندنی یاسای بیمەی تەندروستی و ناردنە دەرەوەی ئەو گەنجلاوانەی پێویستیان بەچارەسەر هەیە لە دەرەوەی هەرێم .
7 - لابردنی ئەو یاسایەی رێگە ناداتە ئەو گەنجلاوانەی لە خوار 30 ساڵەدان تاکو ببنە پەرلەمانتار ، بەڵکو بگۆڕدرێت بۆ 23 ساڵ .
8 - دامەزراندنی پەرتووکخانەی گشتی لە هەر ناحیەو قەزایەک ، هەروەها لە هەموو گەرەکێکی شارەکاندا .
9 - گەشتی بەرهەمهێنەر لە کاتی پشووی هاوینەدا بۆ شارێکی تر .

تێبینی:
• ئەگەر بێت و وەڵامێکی تەندروست و شیاوانە بدرێینەوە ئەوا دەبێت لیژنەی نوێنەرایەتی داواکاریەکانی گەنجلاو لە چاودێری و بەدوادا چوون و هاوکاری کردن بۆ جێبەجێ کردنی داواکانیان و بەفەرمی ناساندنیان لە لایەن لایەنی ئاراستەکراوی داواکان .
• ئەگەر بێت و لە وادەی دیاری کراودا وەڵامێکی تەندروست و شیاو لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار نەدرێینەوە ئەوا هەموو جۆرە کارێکی مەدەنیانە دەگرینەبەر بە کلتورێکی ناتوندوتیژی یەوە تا کۆرەو کردنی هەزارەها گەنجلاو.

لیژنەی نوێنەرایەتی داواکارییەکانی گەنجلاو
2007 ـ 7 ـ 30
0730107380 ـ 07702292472
Prozhay.pamaiy@hotmail.com
Prozhay.pamaiy@yahoo.com